# ئازادیی تەڵاق

هاوسەرگیری وشـــەیەکی مرۆڤانەیە راســـتیەکی بەڵگەنەویستە لەئەنجامی بەیەکگەیشتنی رەگەزی نێرو مێ پێکدێت و خێزان بەرهەم دێت.

ئەو هاوســـەرگیریە زۆرجار لەســـەر بنەمای خۆشەویســـتیە یان بەرێکەوت هەندێ جاریش ســـەپاندن، واتە هەڵبژاردن بەدەســـت کەســـەکانی دەوروبەر دەبێـــت خێزانیـــش وەك بچووکتریـــن یەکـــەی کۆمەڵایەتـــی و فراوانبوونی ئەندامانی خێزان کۆمەڵگای لێپێکدێت.

هەندێجار خۆشەویســـتی رەگ دائەکوتێت لەنێوان ئەو دوو هاوسەرەدا، زۆر جاریش خۆشەویستی باردەکات و ژیانی دەبێتە دۆزەخ. ئەوەی لێرەدا ئەمەوێ باســـی بکەم (تەڵاق)ە، ئەو وشـــە حەڵاڵەی کەدەبێتە هۆی هەڵوەشـــاندنەوەی خێزانێك و لێکجیابوونەوەی ژن ومێرد لەئەنجامی چارەســـەرنەکردنی کێشەو گرفتـــەکان، ئـــەم جیابوونەوەیەش لە وڵاتی ئێمە بەشـــێوەیەکی راســـتەوخۆ ناشـــرین و قەدەغەیە، بۆیە زۆربەی زۆری ژنان کێشـــەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ژێرخاك دەکەن و بۆ قەبرەکانیان دەگوێزنەوە.

جـــا لەکۆمەڵگایەکـــدا کەکلتورێکـــی ئیفلیـــج و دوو بـــیرورای جیـــاواز و توندوتیژی وململانێی رەگەزی ئامادەییان هەبێت، چۆن دەتوانن دووهاوسەر خێزانێکی تەندروســـت و پەروەردەیەکی تەندروست بەرهەم بهێنن؟ پرۆسەی هاوسەرگیری لەســـەربنیاتی پەیوەندی خۆشەویستی و لێکحاڵیبوون نەبێت و ئامادەباشـــی بۆ نەکرابێ, ئەوا بەدڵنیاییەوە هاوســـەرگیریەکە فەشەل دێنێت و سەرکەوتوو نابێت کێشـــەکانیش هەر بەردەوام و ململانێیەکەش توندترو جیابوونەوەش حاڵەتێکی یاسایی وەرناگرێت بۆیە ژیانی هاوسەرێتی پێوستی بەتێگەیشتن هەیە بەرلەوەی هاوسەرەکان بریاری ئەو ژیانە بدەن.

لەکۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا واتێگەیشـــتووین ئەگـــەر هاتوو دیاردەی تەڵاقدان رووی لەزیادبـــوون کـــرد ئەوا مانـــای ئەوەیـــە کۆمەڵگایەکی ناشارســـتانی و دواکەوتووە یان کۆمەڵگایەکە مافەکانی ژنی تیا پێشـــێل کراوە, بەڵام پێموایە کۆمەڵگایەکە لەوپەری تێگەیشـــتن و پێشکەوتن دایەو بەرێزیشەوە دەروانێتە مافەکانی ژنان جیابوونەوەش بەشتێکی ئاسایی وەرگیراوە، چونکە ئەگەر ژیانی دوو هاوســـەر پربێت لە کێشەو گرفت ئەوا باشترین رێگەچارە جیابوونەوەیە. لەزۆربـــەی وڵاتانی ئەوروپا رێـــژەی تەڵاق زۆرە تەنانەت ئەگەر کێشـــەیەکی ئەوتـــۆش نەبێت، مەحاڵە ژیانیـــان وەك دۆزەخی لێ بێت، جـــا داواکارییەکە لەهەرلایەکیانەوە بێت، بەڵام کەجیابوونەوە ئەو ژن و مێردە وەك هاورێ هەر یەکتریان خۆش ئەوێت و بە دڵســـۆزی یەکتر ئەمێننەوە و نابنە دوژمنی یەك، وەك ئەوەی کە لە وڵاتی ئێمە بوونی هەیە.

مـــن لـــێرەدا مەبەســـتم ئـــازادی تەڵاقە کەلەســـەر ئـــارەزوو و تێگەیشـــتن و رەزامەنـــدی هەردوو رەگەز بێـــت ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئـــەو عەقڵیەتە دوواکەوتووە عەشـــایەریەی کەئێســـتا ئامادەیـــەو کاری پێدەکرێت ئەوەندەی کار بە عورف و یاســـا کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت نیو ئەوەندە کار بە یاساکانیتر ناکرێت.

بەرای من ژنان خۆیان رێگری ئازادیەکانن تائێستاش ژنان خۆیان لەخوارووی پیاوەوە دەبینن عورف و عادەتی کۆن بە بنەما دەگرن رۆژ بەرۆژ رەوشی ژنان و ئازادیەکانیـــان بەرەو خراپە ئەروات، پێویســـتە لە هەوڵ وکۆششـــدا بین بۆ بەدەســـتهێنانی ئازادیە گشـــتیەکان، ئازادی ژن بە تایبەت دەربازبوونیان لەو قەیرانـــەی تێی کەوتوون، کە لەلایەن کۆمەڵگاو پیاوەوە لێیان زەوت کراوە، با ئـــازادی تەڵاقیش ببێتە بەرنامەی کارکردنمان بۆ ئەوەی چیتر مرۆڤ لە لایەن مرۆڤ نەچەوسێنرێتەوە.



چرۆ جەلال